


# گوگل کرۆم و 1500 تایبەتمەندی نوێ

گوگل کرۆم کە یەکێکە لە دینەمۆ باشەکانی دۆزەرەوەی سایتەکان، هەرچەندە تەمەنی داهێنانی زۆر لەمێژ نییە، بەڵام دەکرێ بەیەکێك لە باشترین دینەمۆکانی دۆزەرەوەی سایتی بزانین.

لە ڤێرژنی نوێیدا ١٥٠٠ تایبەتمەندی پێوە زیادبووە، هۆکاری سەرەکی خێرایی گوگل کرۆم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەر بە کۆمپانیانی گوگلە و ئەندازیارانی گوگل لە پشت خێرایی ئەو پرۆگرامەن. لە ڤێرژنی نوێیدا ٤٠٠ جار خێراترە لە ڤێرژنی پێشووی.

یەکێك لە تایبەتمەندییە نوێیەکانی ئەو پرۆگرامە Extensionsە، ئەو خزمەتگوزارییە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرانی دەرەخسێنێ کە ئەو پرۆگرامانەی حەز بە دابەزاندنیان لە ئینتەرنێت دەکەن، بە باشی و بێ گرفت دایان بەزێنن.

# بچووکترین و خێراترین کامێرای HD

پسپۆرانی بواری داهێنانی کامێرای فۆتۆگرافی، لە کۆمپانیای سۆنی، بەمەبەستی داهێنانی کامێرایەکی کەم کێش و بچووك، داهێنانێکی نوێیان کردووە، سوپەر عەدەسەیەکیان دروست کردووە کە بە دانانی لەسەر کامێراکە دەبێتە کەم کێشترین و بچووکترین کامێرای HD لە جیهاندا.

ئەو کامێرایە کە بە VPC-CS١ ناسراوە،کێشەکەی تەنیا ١٤٢ گرامە. عەدەسەکە ٢٧ ملمە. واتە کەمتر لە ٣ سم. کارتی میمۆری ئەو کامێرایە ٦٤ گیگایە. کوالێتی وێنەگرتنەکەی ٨ مێگاپێکسڵە. بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی روخساری مرۆڤ دەناسێ و دووری و نزیکییەکەی ئۆتۆماتیکی رێك دەخات.



# پرۆگرامی StartUp Organizer خێرایی کۆمپیوتەر دەباتە سەرێ

بۆ دابەزینی خێرایی کۆمپیوتەر زۆر هۆکار هەن، بەشێك لەهۆکارەکان بەستراونەتەوە بەو پرۆگرامانەی کە لەگەڵ دەستپێکی هەڵبوونی کۆمپیوتەر ئەکتیف و چالاك دەبن. ئەگەر زۆربەی ئەو پرۆگرامانەی کە زەروری نین ئەکتیف نەبن و دابخرێن، بێگومان خێرایی کۆمپیوتەر زۆر دەچێتە سەرێ. بۆ نموونە پرۆگرامی یاهوو مسەنجەر ئەگەر لەکاتی دەستپێکی داگیرسانی کۆمپیوتەردا ئەکتف نەبێ، خێرایی کۆمپیوتەر زیاتر دەبێ.

بۆ ئەوەی کە بزانی کام پرۆگرام ئەکتیفە، دەبێ لە بەشی RUN ویندۆزدا دەستەواژەی Msconfig تایپ بکەی و لەو پەنجەرەیەیدا کە دەکرێتەوە، بچۆ سەربەشی startup. لەوێدا لیستی ئەو پرۆگرامانە دەبینی کە ئەکتیفن. بەڵام گەر بتهەوێ بە شێوازێکی ئاسانتر ئەو ئەرکە ئەنجام بدەی، باشترین رێگا چارە، دانانی پرۆگرامی startup organizer. ئەو پرۆگرامە بەراستی لە زۆربەی پرۆگرامە هاوشێوەکانی خۆی بە سوودترە. بەشێکی گرنگ لەو پرۆگرامەدا هەیە کە ناوی ئەو StartUp Guard. کاری ئەو بەشە ناسینی ئەوپرۆگرامانەیە کە بەشێوەیەکی نایاسایی ئەکتیف دەبن و لەویندۆزدا گرفت دروست دەکەن.




توانا تایبەتییەکانی پرۆگرامی StartUp Organizer:

-گێڕاندنەوەی ویندۆز بۆ هەلومەرجی پێش گۆڕانکاری.
-نیشاندانی لیستی پرۆگرامەکانی ستارت ئاپ بەرەنگی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی کە باشتر بیاندۆزیەوە.
-کۆنترۆڵی بەشە جۆراوجۆرەکانی ستارت ئاپ بەهۆی سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیی نوێ.
-خێراکردنی ویندۆز.




# ئامێری فۆتۆکۆپی سێ ڕەهەندی

لە ژمارەی رابردوودا باسمان لە داهێنانی تەکنۆلۆژیەکی نوێ کرد، ئەویش پرینتەری سێ ڕەهەندییە. بە دوای داهێنانی پرینتەری سێ ڕەهەندی، ئامێری فۆتۆکۆپی سێ ڕەهەندیش هاتۆتە بەرهەم.

ئامێری فۆتۆکۆپی PHotosimile یەکەمین ئامێری فۆتۆکۆپی سێ ڕەهەندییە.بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی کۆپی لە ئامێرە بچووکەکان بگری. ئەو ئامێرە ستودیۆیەکی وێنەگرییە لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمپیوتەردایە.

داهێنانی فۆتۆکۆپی سێ ڕەهەندی خزمەتگوزارییەکی گەورەبە جیهانی تەکنۆلۆژیادا دەکات، بەتایبەتی لە بواری دیزاین و بیناسازیدا.

## لابردنی فەرمانی Shutdown و Restart لە ویندۆز 7دا.

زۆرجار وا دێتە پێش کە کۆمپیوتەرەکەت دەدەیە دەست یەکێك، یان بۆ ماوەیەك جێی دەهێڵی، لەوماوەیەدا حەز ناکەی بیکوژێننەوە یان ریستارتی بکەنەوە. لە ویندۆز ٧دا ڕێگایەك هەیە کە دەکرێ فەرمانەکانی کوژاندنەوە و ریستارت کردن لابەری. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ لەسەرەتادا:


-١لەسەر گۆی ویندۆزەکە کلیك بکەی و دەستەواژەی gpedit. msc بنووسی و پاشان دوگمەی ئینتەر دابگری.

پاش کردنەوەی پەنجەرەی لەبەشی لای چەپ بۆ ئەم شوێنە بچوو:UserConfiguration\Administrative: Templates\Start Menu and Taskbar

-٢لەسەر فەرمانی خوارەوە دووجار کلیك بکە. Remove and prevent access to the Shut Down، Restart، Sleep، and Hibernate commands

-٣ئێستاکە بە داگرتنی فەرمانی Enable ئەو توانایە ئەکتیف دەکەی.

-٤بۆ گەڕاندنەوەی بۆ حاڵەتی پێشووی دەبێ هەر لەو بەشەدا لەبری Enable فەرمانی Disable دابگری.




# چاوەڕوانی هاتنی ئیمێل

گەر تۆ یەکێکی لەوانەی بەردەوام ئیمێل دەنێری و ئیمێلت بۆ دێت، ناکرێ هەموو جارێ سەر لە سایتی یاهوو یان ئەو سایتانەی خزمەتگوزاری ئیمێلیان تێدایە، بدەی.

ئەو ئامێرەی کە لەوێنەکەدا دیارە، ئامێرێکی USBیە، بەهۆی ئەوەوە ئەگەر ئیمێلێکت بۆ هات دەستبەجێ گڵۆپی سەر پاکەتەکە دادەگیرسێ و لە هاتنی ئیمێل ئاگادارت دەکاتەوە.



# دینەمۆی بەدواداگەڕانی فایرفۆکس و خێراییەکی بەرچاو

دینەمۆی فایرفۆکس واتە "ڕێوی ئاگرین" کە هێمای لۆگۆکەشی "ڕێوییە" یەکێکە لە دینەمۆکانی بەدواداگەڕانی سایتەکان، هەرچەندە تاکو ئێستا بە بەراورد بە دینەمۆی ئینتەرنێت ئیکسپلۆرێر خێراییەکی لە خوارێ بوو، بەڵام لە ڤێرژنی نوێیدا ١٥٪ خێرایی بەرەو سەرێ چووە. کەچی هێشتا ناگاتەوە دینەمۆی "سافای ئەپل" و "کروم گوگل". ئێستاکە فایرفۆکس بە سێیەمین دینەمۆی خێرایی جیهان دادەنرێت. خێرایی فایرفۆکس سێ قات لە ئینتەرنێت ئیکسپلۆرێری هەشت خێراترە، ١٤٪یش خێراترە لە ڤێرژنی پێش خۆی.

